# دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ئاواتی لاوانە

«یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان»
www.xebat.net

8

ئەدەب و هونەر

خەبات

پێنج شەممە ٢٠٠٥/٢/١٧ ژمارە (1711)


## لە چواردەمینساڵیادی هەژاری شاعیر و زانا و مێژوونووسدا


کەریم شارەزا


هەموو ساڵێک میللەتی کورد لە 21ی مانگی شوباتدا یادی کۆچی دوایی هەژاری موکریانی شاعیری نەتەوەیی و زانا و مێژوونوس دەکاتەوە کە لە ساڵی 1991 دا لە تەمەنی هەفتاساڵیدا کۆچی ماڵئاوایی کردووە. ئەم زاتە ناوی عەبدولڕەحمانی شەرەفکەندییە و لە ساڵی 1921 دا لە دایک بووە لە شاری مەهاباد خوێندوویەتی و بووەتە رووناکبیرێکی هوشیار و بەشداری لە دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی مەهاباد بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد لە 1946/1/22 کردووە و کە ئەو کۆمارە ساوایەش دوای یازدە مانگ رووخێنراوە، هەژار رووی کردۆتە کوردستانی عێراق و دواییش لە شاری بەغدا نیشتەجێ بووە و بۆ پایزی 1947 بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشی کە تووشی سیل بوو بوو دەچێتە لوبنان و دوای چاک بوونەوەی ماوەیەک لە سوریە دەمێنێتەوە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی رزگاریخواز لە 1961دا، مامۆستا هەژار دەچێتە پاڵ شۆڕشەکە بە سەر کردایەتی بارزانی نەمر.



کاتێکیش کە رێککەوتننامەی 11ی ئاداری 1970 لە نێوانی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراق مۆرکرا، ناردرا بەغدا بۆ رێکخستنی کاروباری یەکێتی نووسەرانی کورد کە تازە لە 1970/2/10دا دامەزرا بوو، لە کۆنگرەیەکەی ئەو یەکێتییە بە سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەر هەڵبژێردرا و لە هەمان کاتیشدا کرا بە ئەندام لە کۆڕی زانیاری کورد و توانی لە ساڵی 1972دا کتێبی شەرەفنامەی شەرەفخانی بتلیسی لە فارسییەوە بکاتە کوردی و لە چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد چاپی بکات. جگە لەم کتێبە بە نرخەشی ئەم بەرهەمانەشی چاپکردووە:

1-دیوانی هەژار بۆکوردستان و لە ساڵی (1965)ەوە چاپکراوە و چەند جار لە چاپ دراوەتەوە.

2-بەیتی سەرە مەڕ لە 1957 لە شام چاپی کردووە.

3-هۆزی لە بیرکراوی گاوان- لە عەرەبییەوە کردوویەتیە کوردی و لە نووسینی دوکتۆر مستەفا جەوادە.

4-دیوانی شێخ ئەحمەدی جزیری، دەق و مانا لێکدانەوە.

5-فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە (کوردی-کوردی-فارسی) لە 1995 چاپکراوە.

6- کتێبی چێشتی مجێور- ئەمەیە یادداشتەکانی خۆیەتی.

7- وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز بۆ سەر زمانی کوردی.

ئەمانە بەشێک بوون لە سەرجەم بەرهەمە چاپکراو و چاپنەکراوەکانی.

هەژاری شاعیری نەتەوەیی:

مامۆستا هەژار شاعیرێکی نەتەوەیی بە توانا بوو، دیوانێکی گەورە وگرانی شیعری چاپکراوی خستە بەردەستی شیعر دۆستان و لێرەدا یەک دوو نموونە لە شیعرە نەتەوەییەکانی دەخەینە بەر دیدی خوێنەرانی بەڕێز:

شاعیر لە هۆنراوە ناوارکەی (بۆ بارزانی)دا، باوەڕی بەتینی خۆی بەرامبەر بە سەرکردایەتی بارزانیی نەمر بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد دەردەبڕێ و دەڵێ:

**ئەگەر دنیا مژو تەم و تاریکە**
**ئەگەر رێگا کەند و کڵۆو باریکە**
**ئەگەر شەوە و شلێوەیە و تۆفانە**
**ئەگەر گێژە و کرێوەیە و بۆرانە**
**ئەگەر لە هەر جێدا چەتە و گۆرانە**
**تۆ شارەزا و رێشاندەری لاوانی**
**بۆ پێشەوە پێشمان کەوە بارزانی!!**

شاعیر بە بۆنەی کۆچی دوایی بارزانیی نەمر لە 1979/3/1دا هۆنراوەیەکی لاواندنەوەی بۆئەم پێشەوایەی کورد داناوە و دەیکاتە رەمزی جاویدانی، چونکە لە مردن بەهێزترە و دەڵێ:

**بارزانی پاڵەوانی کورد**
**هیوای پیر و جەوانی کورد**
**خەبەریان دامێ تۆ مردووی**
**بەدیەن لەبەر چاو ون بووی**
**من دەزانم تۆ نامرێ**
**تۆ لە مردن بەهێزترێ!**

سڵاو لە گیانی ئەم خزمەتگوزارانەی کورد، بارزانی و هەژاری موکریانی.

## رۆژی دڵداران


داماو




لە قوڵترین دەریا
لە ئاسمانی فراوانی بێ پەروا
لە ساتەوەختی
سەرەتای خولقاندنی دنیا
من و تۆ ئاشنا و ئەویندار بووین
لە ژێر یەک چەتری سۆزدا
ئاوێزان و هۆگری یەکتر بووین
لە بینینی یەکەم نیگا
دڵم بۆت لێیدا...
هۆ ئازیزەکەم
لەو رۆژەوە تۆم بینیوە
وهۆگرت بوویم
ژیان لای من پورەی هەنگوینێکە
رۆژ و شەو ساتەوەختی
سۆزو ئەوینی
ناو باخچەی بەهەشتێکە
وەک جووت مەلێ تیادا
هەڵدەفڕین
بۆ دنیای ئاڵ و واڵ
دڵمان واڵا دەکەین و
پێدەکەنین و پێدەکەنین.

## ئارسەر میللەر:
## ئەو مرۆڤەی نەمر بوو بەرلەوەی بمرێت




ئازاد حەمەشەریف*


حەزم نەدەکرد بەهیچ جۆرێک هەواڵی مردنی شانۆنووسی ئەمریکی (ئارسەر میللەر) ببیستم. چونکە (25) ساڵ پترە بەدونیای ئەو نووسەرە ئاشنام لە رێگەی نووسینەکانیەوە. شانۆکانی ئەوەندەیان هەژاندم، بەتایبەتی (مردنی دیۆرەیەک) کە هەر ئەوکاتەی لە پۆلی چوارەمی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدابووم لە ساڵی (1980)دا وەرمگێڕایە سەرکوردی و ساڵی (1984) لە چاپم دا. لەوەش پتر نیوەی ماجستەرنامەکەم کە لەسەر (رەنگدانەوەی لێک ترازانی پەیوەندی خێزانداری لە شانۆ)بوو بۆ لێکۆڵینەوە لە هەردووشانۆیی هەمووکوڕەکانم (1947)- مردنی دیۆریەک (1949) تەرخانکرد.

بەراستی میللەر نوسەرێکی ئاسایی سەردەمی خۆی نەبوو ولەخۆڕایش نەبوو کەمن هەر لە ساڵی 1980 ەوە بە کارەکانی ئەو دڵبەند بووم. چونکە ئەو بەدرێژایی پتر لە (60) ساڵی تەمەنی خۆی بۆ جۆرە شانۆیەکی نوێ تەرخانکرد کە بەشانۆی کۆمەڵایەتی ناسراوە.شانۆی کۆمەڵایەتی تراژیدیای مرۆڤی کڵۆڵ و هەژارە- شانۆی مرۆڤی چەوساوەو بێدەسەڵاتە لە ژێرجەور و ستەمی بێ ئامانی سیستەمی سەرمایەداری.

بەراستی ئەو قەڵەمی خۆی لەپێناو دەربڕینی ئێش و ئازاری مرۆڤی چەوساوەو بەشخوراو تەرخان کردبوو. هەمیشە لەنووسین و شانۆییەکانیدا لای راستخوازان و چەوساوەکانی دەگرت دژ بەزۆردارە خوێنمژەکان. بۆیە دەتوانین زۆر بەسانایی هەست بە پەیامدارێتی ئەو نووسەرە لە نووسینە جۆربەجۆرەکانی دا بکەین،

میللەر خاوەنی گەلێ بەرهەمی بەپێزبوو لەوانە ئەم شانۆییانە هەرە دیارە کارەکانیانن: (ئەو پیاوەی خاوەنی گشت بەختێک بوو 1944)و (یادگاری دوو دووشەممە)، (دیمەنێکی سەرپرد 1955)و (بۆتەیان ئەزموونێکی سەخت) (1953)و (رووداوێک لەڤیشی 1968)و (دوای بەربوونەوە 1964)و (بەها یان نرخ 1968)و ناوبانگ (1970)و خولقاندنی دونیاو مەسەلەی دی (1972)و کاتژمێری ئەمریکی (1980)، لەگەڵ نووسینی رۆمانی مۆڵگە (1945) و کۆمەڵە کورتە چیرۆکێکی بەناوی (چی تر پێویستم پێت نییە) (1967).

میللەر هەر بە تەنها نووسەرێکی گەورە نەبوو، بەڵکو لەژیانیشدا مرۆڤێکی مەزن بوو چونکە خاوەن هەڵوێستی مرۆڤانەی دیاربوو. ساڵی (1956)کاتێک مەترسی شیوعیەت لە ئەمریکادا لەوپەڕەکەی دابوو، میللەر بانگ کرایە بەردەم (لیژنەی خانەی چالاکی نائەمریکی )بۆ ئەوەی لێپێچانەوەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام ئەو بەپێچەوانەی زۆربەی نووسەرە شیوعیەکان ئامادە نەبوو ناوی کەس بدات، ئەگەرچی گوشارێکی زۆریشیان خستبووە سەری.

هەڵوێستێکی تری ئەو نووسەرە مەزنە لەوەدا دەردەکەوێت ، کە ئەو ئەگەرچی دوای ناوبانگ پەیداکردنی شانۆییەکانی باری دارایی چاک ببوو، بەڵام بۆ ئەوەی هەست بە ئێش و ئازارە راستەقینەکانی مرۆڤی کارکەرو رەنجدەر بکات ساڵانە بۆ ماوەی پتر لەمانگێک دەچووە ناو کارگەیەک یان شوێنی کارکردنی کرێکاران و شانبەشانی ئەوان کاری دەکرد. ئەمەش تەنها بۆ ئەوەبوو کە بەراستی هەست بە ئێش و ئازاری ئەوان بکات و لە ژیانی راستەقینەی ئەوان بگات.

هەربۆیەش هەر وشەیەک، دێرێک، لاپەڕەیەکی ئەو نووسەرە راستی و راستخوازی لێ دەڕژێت و هەر ئەو راستی یەش بوو وای لێکرد ببێتە مرۆڤێکی نەمر بەرلەوەی بمرێت.


* مامۆستای شانۆ لە کۆلێژی زمان زانکۆی سەلاحەدین


## خواحافیز میللەر، بەڵام لە بیرت ناکەین




د.ئیسماعیل فەهمی قەرەداغی*


جەماوەری ئەدەب دۆست وا بە خێرایی ئەم کارەساتە دڵتەزێنەی لە بیر ناچێت، چونکە بە راستی میللەر دوا شانۆکاری گەورەی جیهانە کە جیددیەت و هەیبەتی شانۆی پاراست و ئەو بابەتانەی لە ئەستۆ دەگرت کە بە راستی بە لای زۆربەی خەڵکەوە گرنگ بوون. ئەگەر بێت و مەرگی ئەم دواییەی خانمە رۆماننوسی گەورەی فەرەنسی « فرانسواز ساگان» کە بەر لە میللەر بە ماوەیەکی کورت کۆچی دوایی کرد، بخەینە پاڵ ماڵئاوایی میللەر، ئەو کاتە گەورەیی ئەو زەرەرو زیانەمان بۆ دەردەکەوێت کە بەم دواییە جیهانی ئەدەب تووشی بووە.

من وەکو خاوەن ئەزموونێک لە بواری ئەدەب بە ئەدەبی شانۆییشەوە بۆماوەی (18) ساڵ، وای بۆ دەچم گەورەیی میللەر زیاتر لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەم کەڵە نوسەرە بایەخی زیاتری بە جیهانی مرۆڤی ئاسایی دەدا کە مرۆڤێکە لە هەموو لایەکەوە بە مەترسی دەورە دراوە و بە ئاراستەیەکی تایبەتدا هەڵیدەسوڕێنێت بە بێ ئارەزوو یان رەزامەندی خۆی. بۆ نموونە لەو جیهانە بچووکەدا باوکی وا هەیە کە نایەوێ ببێتە پاڵەوان لە پێش چاوی رۆڵەکانی، یان مرۆڤێک کە لە بوختانی قین لە دڵان دەترسێ کە لە شوێنێکی نادیارەوە و وەکو قەزاو و قەدەرێکی بڕیار لە سەردرا و ئاراستەی دەکرێت، یان کارمەندێکی ئاسایی کە لەوە دەترسێت خاوەن کارەکەی دەستبەرداری بێت و یان ئەو ئافرەتەی کە لەوە دەترسێت پیاوەکەی بە جێی بێڵێت. ئەمانە هەموویان ئەو حاڵەتە مرۆڤاییانەی کە هەر یەک لە ئێمە رۆژانە دەیانبینین بە بێ ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە ئەو رووداوانە بگۆڕین بۆ کاری هونەری سەرنجڕاکێش، بەڵام ئەم حاڵەتە ئاساییانە لە سەر دەستی میللەر بوون بە کاری ئەدەبی زۆر نایاب و بگرە بوون بە پرۆگرامیش کە نەک تەنها ئەوانەی زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی سەرەکی بەکار دێنن و دەیخوێنن، بەڵکو ئێمەش کە زمانی سەرەکی وکلتوورمان زۆر لە زمان و کلتووری میللەر جیاوازە، بە هەمان شێوە دەیخوێنین. ئەمەش گەورەیی راستەقینەی ئەم کەڵە پیاوە نیشان دەدات کە خۆی لە هاووڵاتییەک کە بە پارچە خاکێکی دیاریکراوی ئەمریکا لە رووی جوگرافییەوە، گۆڕییوە بۆ هاووڵاتیەکی جیهانی کە هەموو جیهان رووی تێ دەکەن و ئەویش لەگەڵ هەموو جیهاندا دەدوێت. ئەم کارەش لە رێگای زمانەکەیەوە بە ئەنجام گەیاند کە بلیمەتانە شارەزایی تێدا پەیدا کردبوو، ئەویش زمانی هونەرمەندێکی مرۆدۆست بوو کە خۆی کردبووە خاوەن گرفت و ئیش و ئازارەکانی مرۆڤی سادە. ئەی میللەری خۆشەویستمان، بە ناوی هەموو ئارەزوومەندانی ئەدەب و شانۆ و هونەری مرۆڤییەوە لەسەر ئاستی زانکۆ خواحافیزیت لێ دەکەین. بنوە ئارام، تا لە ماندوێتی کاروانە دوور و درێژەکەت کە لە پێناو بەرژەوەندی مرۆڤایەتیدا بەجێت گەیاند، تۆزێک پشوو بدەیت. خواحافیز، بەڵام لە بیرت ناکەین.




* پرۆفیسۆری یاریدەدەر زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی ئاداب